# مەرامنامە و ئەساسنامە

## جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح

پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم

خەزەڵوەری ١٣٩٨

بسم الله الرحمن الرحيم

قال الله تبارک و تعالى:

**﴿ وَ مَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّن دَعَا إِلَى اللهِ وَ عَمِلَ صَالِحاً وَ قَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ (فوسسیلەت/٣٣)**

«کێ قسەی جوانترە لە کەسێک کە بەرەو خوا بانگەواز دەکا و کردەوەی شایستە ڕەچاو دەکا و دەڵێ من لە دەستەی موسوڵمانانم»

**﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (ئالی عیمران/١٠٤)**

«دەبێ لە نێوان ئێوە تاقمێک هەبن کە بانگەشەی خەڵک بکەن بەرەو کردەوەی باش؛ دەستوور دەدەن بە ئاکاری جوان و لە کاری ناحەز خەڵک دەگێڕنەوە و ئەمانە لە ڕزگارکراوەکانن»

**﴿ ...إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الْإِصْلاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَ ما تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَ إِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ (هوود/٨٨)**

«تا ئەو ئاستەی کە لە توانام دایە جگە لە ئیسلاح و چاکسازی (خۆم و ئێوە) شتێکی ترم ناوێت و سەربەرزی و سەرکەوتنیشم تەنیا بە (یارمەتی) خوایە. تەنیا پشت بە ئەو دەبەستم وگەڕانەوەم بۆلای ئەوە.»

# مەرامنامە

## پێشەکی

ئێران هی تەواوی شارۆمەندانی وڵاتی ئێرانە؛ فرەچەشنیی نەتەوەیی، ئایینزایی، بیریی و ڕامیاریی دەرفەتێکە بۆ گەشەی هاوسەنگ و بەردەوام و پێوەندی بە شوناسێکی تایبەتەوە نە سەرچاوەی مافێکی تایبەتە و نە دەبێتە هۆی بێبەشبوون لە مافی شارۆمەندی. لە چەمکەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشدا جەخت لەسەر جیاوازیی و فرەچەشنی لە کۆمەڵگای مرۆیی، وەك دەرفەتێکی بەهادار لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا کراوە؛ هەروەك کە ئایەتی پیرۆزی: ﴿يا أَيهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (حوجورات/١٣) جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکا. یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، بە کاریگەری لە چەمکەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، فرەچەشنیی و جیاوازیی بە فەرمی دەناسێ و جەخت لەسەر بەشداریی شارۆمەندان بە گشتیی و بەهرەمەندبوونیان لە بەخششەکانی وڵات دەکا. بێگومان تەیارکردنی بەستێنی پێکهێنان و چالاکیی لایەن و ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی جەماوەریی تێکۆشەر و یەکگرتوو، لە پێداویستییەکانی ئەو بابەتە گرینگە هەژمار دەکرێ. بەپێی بابەتی ئاماژە پێکراو و ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ (مائیدە/٢) ئەرکی شارۆمەندانیش بەشداری، هاوکاری و خزمەت بە هاوچەشنانە بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازیی بنەچەیی، نەتەوەیی و ئایینزایی. لە سوننەتی پێغەمبەری ڕەحمەتیش(د.خ)دا جەخت لەسەر خۆشەویستی، ڕەحمەت، هاوڕێیەتی و ئەویندارییی هەمبەر یەکتر کراوە: «مَثَلُ المُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِم وَتَراحُمِهِم وَتَعَاطُفِهِم مَثَلُ الجَسَدِ، إذا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالحُمَّى» (متفق علیه)

جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، بەپێی بڕوا بە جیهانبینی یەکتاپەرەستیی و سەرچاوەیی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرو بڕوا بە فرەچەشنی و یەکترقەبووڵکردن و بەرەوازانین، پێویستیی هاوکاری و خێرخوازی، بەشداری لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و خزمەت بە هاوچەشنانی پێك هاتووە.

## پەیامی جەماعەت:

«جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح ڕێکخراوێکی مەدەنییە کە لە چوارچێوەی هزر و بیری ئیسلامی بە مەبەستی گەشەی مەعنەوی، ڕەوشتبەرزی و هەوڵدان بۆ گەشەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لە ڕاستای گەیشتن بە ژیانێکی هاوسەنگ و واتادار چالاکی دەکات.

ئەو ڕێکخراوەیە پابەندە بە کەرامەتی سرشتیی مرۆڤ، سەربەستی و مافی مرۆڤ، دادپەروەری و یەکسانی، میانەڕەوی، نوێخوازی، ڕاوێژ، هاوپێوەندی نەتەوەیی، یەکترقەبوڵکردن و پارێز لە تونوتیژی لە بیر و کرداردا.

شێوازی جەماعەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی: بانگەشە، ڕاهێنان و پەروەردە، بەشداریی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە و وتووێژە.

## ئامانج:

١- پەرەسەندن بە مەعنەوییەت و ڕەوشتبەرزی؛

٢- چالاکی لە ڕاستای گەشەی هاوسەنگ و بەردەوامی وڵات؛

٣- پتەوکردنی یەکانگیری و یەکگرتوویی نەتەوەیی بە جەخت لەسەر یەکسانی و مافی شارۆمەندی؛

٤- جێگیرکردنی بنەمای دەسەڵاتداریی یاسا و چاکسازیی ئەو لەڕێی میکانیزمی یاساییەوە؛

٥- پەرەدان بە بەهاکانی وەك ئازادی، مافی مرۆڤ، مافی ئافرەتان و منداڵان، ژینگەپارێزی، ئاشتەوایی، یەکترقەبووڵکردن و دووری لە تونوتیژی؛

٦- بەهێزکردنی بنچینەی خێزانیی وەك ژێربەنای سانکای کۆمەڵایەتی ئیسلام؛

٧- جێگیرکردنی کولتووری ڕاوێژ و ئاوەزی بەکۆمەڵ.

**سیاسەتەکان:**

١- پابەندی بە کولتووری وتوویژ، بەرەوازانین و ژیانی ئاشتیخوازانە و میانەڕەوی لە بیر و کرداردا؛

٢- ئامادەبوون و بەشداری لە چالاکییەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری گشتیی لەو ڕاستایەدا؛

٣- پێوەندی و هەڵسوکەوتی دێموکڕاتیك لەگەڵ لایەن و ڕێکخراوە و دەزگا جەماوەرییەکان و ناوەندەکانی ئایینی و کولتووری؛

٤- پابەندبوون بە کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی؛

٥- ڕاهێنان لەسەر چەمکەکانی ئیسلامی و زانستی شەرعی؛

٦- ڕێزگرتن لە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینزایی وڵات.

# ئەساسنامە

## پاژی یەکەم: کۆی بڕگەکان

**ماددەی ١:** جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە بوارەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا چالاکی دەکا و لەو ئەساسنامەیەدا بە کورتی بەنێوی جەماعەت ئاماژەی پێ کراوە.

**ماددەی ٢:** سنووری جوگرافیایی چالاکیی جەماعەت سەرتاسەری وڵات، لەخۆی دەگرێ.

**ماددەی ٣:** ناوەندی سەرەکی جەماعەت لە تارانە و دەتوانێ بەپێی یاسای جەماعەت لە پارێزگاکان لق و لە شارەکان نووسینگە پێك بێنیت.

**ماددەی ٤:** جەماعەت پابەندی خۆی بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕادەگەینێ.

## پاژی دووهەم: ئەندامەتی

### ماددەی ٥: مەرجەکانی ئەندامەتی:

١- پابەندی بە چەمکەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام؛
٢- پابەندی بە یاسای بنەڕەتی؛
٣- خەڵکی ئێران بێ؛
٤- قەبووڵکردنی خاڵەکانی مەرامنامە و ئەساسنامە و بنەما فیکرییەکانی جەماعەت؛
٥- لانیکەم ١٨ساڵی تەمەن بێ؛
٦- تێپەڕاندنی قۆناغەکانی پەروەردەیی؛
٧- ئەندامنەبوون لە لایەن و گرووپەکانی سیاسی تر.

تێبینی١: ئەگەر شورای ناوەندی پەسندی بکات، ئەندامی فەرمی جەماعەت دەتوانێ ببێتە ئەندامی لایەنەکانی تر کە بەم چەشنە ئەندامەتی ئەو لە جەماعەتدا فەخری دەبێت.

تێبینی٢: پەسندکردنی خاڵەکانی سەرەوە لەئەستۆی لقە.

تێبینی٣: پرۆسەی قەبووڵکردن و ئەندامەتی بەپێی ئایین‌نامەی وەرگرتنی ئەندام - پەسندکراوی شورای ناوەندی- جێبەجێ دەکرێ.

### ماددەی٦: جۆری ئەندامان:

١- ئەندامی ئاسایی: کەسێکی کە مەرجەکانی قۆناغی یەکەمی ئەندامەتی تێپەڕاندبێ و دەتوانێ هێندێ بەرپرسیارەتی لە ئاستی نووسینگە لەئەستۆ بگرێ.

٢- ئەندامی چالاك: کەسێکی کە مەرجەکانی قۆناغی دووهەمی ئەندامەتی تێپەڕاندبێ و دەتوانێ هێندێ بەرپرسیارەتی لە ئاستی نووسینگە و لق لە ئەستۆ بگرێ.

٣- ئەندامی کاریگەر: کەسێکی کە مەرجەکانی قۆناغی سێهەمی ئەندامەتی تێپەڕاندبێ و دەتوانێ لە تەواوی ئاستەکانی جەماعەت بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرێ.

٤- ئەندامی فەخری: کەسێکی کە بناخە و بنەماکان و ڕوانگەکانی جەماعەتی پەسند کردبێ و لەسەر داوای خۆی و یا بانگەوازی جەماعەت، بووبێتە ئەندام.

## ماددەی٧: مافەکانی ئەندامەتی لە جەماعەت:

١- خاوەنی مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بەپێی یاسا و ڕێساکانی جەماعەت؛

٢- مافی دەربڕینی ڕا و بۆچوون هەمبەر کارکردی جەماعەت و ئاراستەکردنی ڕەخنە و پێشنیار لەڕێی ڕێوشوێنی گونجاوی جەماعەتەوە؛

٣- مافی دادخوازی و ناڕەزایەتی بەپێی یاسا و ڕێساکانی جەماعەت؛

٤- مافی ئاگاداری لە کاروباری جەماعەت لەڕێی ڕێوشوێنی فەرمی جەماعەت بەپێی یاسا؛

٥- بەهرەمەندی لە پشتیوانیی یاسایی، ماددی و مەعنەوی جەماعەت، بەپێی توانایی جەماعەت، بەمەرجێک بەهۆی ئەندامەتی لە جەماعەتدا تووشی گرفت بوو.

## ماددەی ٨: ئەرکی ئەندامی جەماعەت:

١- تێکۆشان لە ڕاستای گەشەی تاکەکەسی و پاککردنەوەی نەفس و پابەندی بە پەرستشەکان و ڕەوشتبەرزی؛

٢- پابەندی بە ناوەڕۆکی مەرامنامە و ئەساسنامە، بەڵگەکانی پلەبان و هەڵوێست و ڕوانگەکانی جەماعەت؛

٣- جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ڕاسپێردراو و پابەندی بە بڕیار و یاساکانی جەماعەت؛

٤- تێکۆشان لە ڕاستای گەیشتن بە ئامانج و بەرنامەکانی جەماعەت؛

٥- تێکۆشان لە ڕاستای پێشکەوتن و ئاوەدانی وڵات و خزمەت بە هاوچەشنان؛

٦- تێکۆشان بۆ تێگەیشتنی دروست لە ئیسلام و بانگەشەی خەڵك بۆ گوێڕایەڵی لەو؛

٧- بەشداریی پێداگرانە لە چالاکییەکانی جەماعەت و ئامادەبوونی ڕێکوپێک و چالاك لە دانیشتنەکاندا؛

٨- بەخشینی بەردەوامی مافی ئەندامەتی بە ڕێژەی ٣ لە سەدی داهاتی مانگانە.

**تێبینی:** سێ لە یەکی مافی ئەندامەتی کە وەردەگیرێ، بۆ نووسینگەی ناوەندی ڕەچاو دەکرێ.

**تێبینی:** بەخشینی مافی ئەندامەتی، هیچ داوایەك هەمبەر سامانی جەماعەت بۆ ئەندامان پێك ناهێنێت.

**ماددەی ٩: کۆتایی ئەندامەتی لەو خاڵانەی خوارەوە ڕوو دەدا:**

١- قەبووڵکردنی دەست لەکارکشانەوەی ئەندام لەلایەن لق و پەسندکردنی لـەلایـەن لێژنەی دادوەری ناوەندی؛

٢- لەدەستدانی هەرکام لە مەرج و ئەرکەکانی ئەندامەتی ئاماژەپێکراو لە ماددەی ٥ و ٨؛

٣- سـتاندنەوەی ئەندامـەتی لەلایـەن لێژنـەی دادوەری ناوەنـدی بـەپێی یاسـای سەرپێچییەکان.

**تێبینی**: بڕیار سەبارەت بە خاڵەکانی ١ و ٢ لە ئەستۆی لقە و بە پەسندکردنی لێژنـەی دادوەری ناوەندی دێتە دی.

## پاژەی سێهەم: ڕێکخراوە و بنەماکان

**ماددەی١٠: بنەماکانی جەماعەت بریتین لە:**

١ـ کۆنگرە؛

٢ـ شۆڕای ناوەندی؛

٣ـ ئەمینداری گشتی؛

٤ – دەستەی چاوەدێری؛

٥ـ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی.

### کۆنگرە:

**ماددەي١١ :** کۆنگرە بەرزترین پلەی جەماعەتە کە ئەندامەکانی بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

**تێبینی:** ڕادەی پێویستی فەرمیبوونی کۆنگرە لە پلەی یەکەم، دوو لە سێی ئەندامان و ڕادەی پێویستی بڕیارەکانی کۆنگرە ڕێژەی زۆرینەیە.

**ماددەي١٢:** ئەندامانی کۆنگرە بریتین لە:

١ـ ئەندامانی سەرەکی شوڕای ناوەندی؛

٢ـ ئەندامانی لێژنەی بەڕێوبەرایەتی و بەرپرسانی لقەکان؛

٣ـ ئەندامانی لێژنەی چاودێری ناوەندی؛

٤ـ هەڵبژاردەی لقەکان.

تێبینی١: هەڵبژێراوانی کۆنگرە لە نێو ئەندامانی کاریگەری جەماعەت هەڵدەبژێردرێن.

تێبینی٢: دانیشتنی دووهەمی کۆنگرە دوای تێپەڕبوونی ٢ ساڵ لە ڕێکەوتی کۆنگرە بە مەبەستی تاوتوێی بنەماکانی جەماعەت بەڕێوە دەچێت.

تێبینی٣: کۆنگرەی تایبەت لە کاتی پێویستدا و لەسەر داوای لانیکەم سێ لە

چواری ئەندامانی شورای ناوەندی یا لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی کۆنگرە بەپێی ناوەڕۆکی ئەساسنامە بەڕێوە دەچێ.

تێبینی٤: ئەگەر کۆنگرە لە جاری یەکەم بە ڕێژەی پێویست نەگەیشت، لانیکەم دوای مانگێك بە ئامادەبوونی نیوە و کۆی یەك کەس لە ئەنداامان، بەڕێوە دەچێت. ئەگەر کۆنگرە جاری دووهەم بە ڕێژەی پێویست نەگەیشت، دوای مانگێك بە ئامادەبوونی لانیکەم یەك لە سێی ئەندامان بەڕێوە دەچێت. ئەگەر کۆنگرە لە جاری سێهەمیش نەگەیشتە ڕێژەی پێویست، شورای ناوەندی پێویستە هەڵبژاردن بەڕێوە بباتەوە و کۆنگرەی نوێ پێك بێنێت.

تێبینی٥: بانگهێشت بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنی کۆنگرە لەلایەن شورای ناوەندی و لەڕێی ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەی کەسیرەتولئینتشار یا ناملکە و یا لەڕێی شێوازەکانی نوێی پێوەندییەوە پێك دێت. ڕاگەیاندنی پێکهێنانی کۆنگرەی یەکەم لانیکەم ٢٠ ڕۆژ و نۆرەی دووهەم لانیکەم ١٠ ڕۆژ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە لە ڕۆژنامەی دیاریکراو ڕادەگەیندرێت و یان داوەتنامە بە دوایین ئادرەسی ڕاگەیەندراو لە لایەن ئەندامانەوە دەنێردرێت. فەرمانی دانیشتنی کۆنگرە پێویستە بە تەواوەتی لە ڕاگەیاندنەکە و یا داوەتنامەکەدا تۆمار بکرێت.

**تێبینی٦:** کۆنگرە لەلایەن لێژنەیەکی بەڕێوبەرایەتی پێکهاتوو لە سەرۆك، جێگری سەرۆك و بەردەست کە لە لایەن ئەندامانی ئامادەبوو لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن، بەڕێوە دەچێت. لێژنەی بەڕێوبەرایەتی کۆنگرە، دانیشتنەکە بەپێی ئەساسنامە و دەستووری دانیشتنی تۆمارکراو لە ڕاگەیاندن و داوەتنامەکەدا بەڕێوە دەبات.

**تێبینی٧:** ئەگەر شورای ناوەندی بەبێ بیانوویەکی ڕەوا لە کاتی دیاریکراودا کۆنگرە پێك نەهێنێت، بە داوای نیوە کۆی یەکی ئەندامانی کۆنگرە، لێژنەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە دیاری دەکرێ.

**تێبینی٨:** شورای ناوەندی دەتوانێ لە کەسانی تر بۆ بەشداری لە کۆنگرە، بەبێ مافی دەنگدان وەك میوان بانگهێشت بکات.

**ماددەی١٣:** ئەرک و ئاستي دەسەڵاتي کۆنگرە:

١- هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتیی بە دەنگی لانیکەم نیوە کۆی یەکی ئامادەبووان بۆ ماوەی ٤ ساڵ؛

٢- هەڵبژاردنی ئەندامانی شورای ناوەندی بە دەنگی یەك لە سێی ئەندامانی ئەمادەبوو بۆ ماوەی ٤ ساڵ؛

٣- هەڵبژرادنی بەرپرسی لێژنەی بەڕێوبەرایەتی ناوەندی بە دەنگی لانیکەم نیوە کۆی یەکی ئامادەبووان بۆ ماوەی ٤ ساڵ؛

٤- چاکسازي و پەسەندکردنی مەرامنامە و ئەساسنامەی جەماعەت؛

**تێبینی:** کۆی بڕگەکانی مەرامنامە و ئەساسنامە بە دەنگی دوو لە سێی ئەندامانی ئامادەبوو و پێشنیاری نوێ بە دەنگی نیوە کۆی یەکی ئامادەبووان پەسند دەکرێ.

٥- پەسندکردنی سیاسەتەکانی گشتیی جەماعەت؛

٦- لێکۆڵینەوە لە کارکردی ڕوکنەکانی تری جەماعەت؛

## شۆڕای ناوەندی:

**ماددەی١٤:** شۆڕای ناوەندی دوای کۆنگرە، بەرزترین پێگەی بڕیاردانی جەماعەتی هەیە.

**ماددەی١٥:** ژمارەی ئەندامانی سەرەکی و جێگری شۆڕای ناوەندی بەڕیز دە و سێ کەسن و بەدەنگی شاراوە و بەدەستهێنانی لانیکەم یەک لەسێی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

**تێبینی١:** لە کاتی کۆچی دوایی، دەست لە کارکشانەوە و یان دوورخستنەوەی هەر کام لە ئەندامانی سەرەکی شوڕای ناوەندی بە ڕیزبەندی دەنگەکان، ئەندامانی جێگر، جێنشین دەبن و ئەگەر دوای جێنشینبوونی ئەندامانی جێگر، ڕێژەی ئەندامان کەمتر لە ٨ کەس بوو، کۆنگرەی تایبەتی خێرا ئەندامی نوێ هەڵدەبژێرێت.

تێبینی٢: دانیشتنەکانی شوڕای ناوەندی لانێکەم هەر بە دوو مانگ جارێك بەڕێوە دەچێ و بە بەشداری دوو لە سێی ئەندامان بە فەرمی دەناسرێ. پەسندکراوەکانی شورا بە دەنگی نیوە کۆی یەکی ئەندامانی ئامادەبوو جێ‌متمانە دەبێ. ئامادەنەبوونی هەرکام لە ئەندامان لە ٣ دانیشتنی بەدوای یەکدا و یان ٥ دانیشتنی دەورەییدا بەبێ بیانوویەکی پاساوهەڵگر -بە دیاریکردنی شوڕای ناوەندی- وەك حوکمی دەست لەکارکشانەوە لە شوڕای ناوەندی هەژمار دەکرێ و بە ڕیز ئەندامانی جێگر، جێنشینی دەکرێن.

تێبینی٣: هەڵبژاردنی ئەندامانی شۆڕای ناوەندی و ئەمینداری گشتی بۆ خولەکانی دوایی ئازادە.

تێبینی٤: بە کۆتاییهاتنی ماوەی یاسایی، پێویستە شۆڕای ناوەندی هەتا دیاریکردن و دەست بەکاربوونی شۆڕای ناوەندی نوێ، کاروبار و ئەرکە یاساییەکانی خۆی بەڕێوە ببات.

**ماددەی١٦:** ئەرک و دەسەڵاتی شۆڕای ناوەندی:

١ـ بەڕێوەبردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرە؛

٢ـ چاودێری و بەراوردکردنی تەواوی کار و چالاکییەکانی جەماعەت؛

٣- پێشنیاری لابردنی ئەمینداری گشتی بە کۆنگرە بە دەنگی دوو لە سێی ئەندامان؛

٤- بەرنامەڕێژی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەسەر بنەمای ئەساسنامە و دابینکردنی ڕەشنووسی مەرامنامە و ئەساسنامە و هەروەها سیاسەتەکان و خستنەڕووی ڕاپۆرتی کارکردی جەماعەت؛

٥- پەسندکردنی ئامانج و ڕێکارەکانی ٤ ساڵەی جەماعەت لە چوارچێوەی مەرامنامە و ئەساسنامەدا؛

٦- پەسندکردنی پێکهاتەی ئیداری جەماعەت؛

٧- پەسندکردنی پێڕست و بودجەی ساڵانەی جەماعەت؛

٨- پەسندکردنی بەربژێرەکانی پێشنیاریی ئەمینداری گشتیی بۆ وەئەستۆگرتنی پۆستەکانی ئیداری و سەرۆکی شورا؛

٩- بەدواداچوون بە داوای پێداچوونەوەی فەرمانەکای دەرکراو لە لایەن لێژنەی دادوەرییەوە؛

١٠- پێکهێنانی شورای ڕاوێژکاری ناوچەکان بە ئامادەبوونی نوێنەری هەڵبژێردراوی پارێزگاکان؛

١١- پەسندکردنی دروشم و مۆری جەماعەت؛

١٢- ڕاڤەی پەسندکراوەکانی کۆنگرە، مەرامنامە و ئەساسنامە و بەڵگەنامەکانیتری باڵای جەماعەت.

١٣- ڕازیبوون بە دامەزراندنی لقی پارێزگایی و نووسینگەی شارستانی بەپێی یاسا و ڕێساکانی پیوەندیدار؛

١٤- پەسندکردنی ئەندامانی لێژنەی چاوەدێری ناوەندی بە پێشنیاری بەرپرسی لێژنەی چاوەدێری؛

١٥- ڕەچاوکردنی ڕوانگەی بیروڕا و سیاسەتی جەماعەت و بڕیاردان سەبارەت بە یەکگرتوویی یا هاوکاری لەگەڵ لایەن و بزاڤ و پێکهاتەکانی تر.

# ئەمینداری گشتی

**ماددەی١٧:** ئەمینداری گشتی بەرزترین پلەی جەماعەتە و جیا لە کۆنگرە، دەسەڵاتی بەسەر تەواوی بەشەکانی تری جەماعەتدا هەیە.

**تێبینی:** یەکێك لە ئەندامانی شورای ناوەندی بە پێشنیاری ئەمینداری گشتی و پەسندکردنی شورای ناوەندی وەك جێگری ئەمینداری گشتی دیاری دەکرێت.

**ماددەی١٨:** ئەرك و دەسەڵاتی ئەمینداری گشتی:

١ـ سەرۆکایەتی شۆرای ناوەندی؛

٢- سەیتەرە و چاوەدێری بەسەر چالاکییەکانی جەماعەت؛

٣- پاراستن و پتەوکردنی تەکووزی و یەکپارچەیی جەماعەت؛

٤- چاوەدێری شورای ڕاوێژکاریی ناوچەیی؛

٥- پێشنیاری بەرپرسی لێژنەی بەڕێوبەرایەتی و جێگران، بەرپرسی لێژنەی دادوەری و سکرتێری شورا بە شورای ناوەندی بۆ پەسندکردن و دەربڕینی دەستوورەکانی پێوەندیدار و قەبووڵ، دەست لەکارکشانەوە و یان لەسەرکارلادانیان؛

٦- خستنەڕووی سکاڵا لەلایەن جەماعەت و وڵامدانەوە بە سکاڵای کەسانی هەقیقی و یاسایی لە تەواوی ناوەندەکانی دادوەری و چارەسەری سکاڵاکان؛

٧- ڕاگەیاندنی هەڵوێستی جەماعەت؛

تێبینی: ئەمینداری گشتی دەتوانێ بە پەسندکردنی شورای ناوەندی، کەس یا کەسانێك وەك وتەبێژ دیاری بکات.

٨- ڕاگەیاندنی بڕیارەکانی شورای ناوەندی بە لێژنەی بەڕێوبەرایەتی؛

٩- هەڵبژاردنی ڕاوێژکارانێك لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە پێی پێویست؛

١٠- بەڕێوەبردنی پێوەندییە بەربڵاوەکانی دەرەوەی جەماعەت.

## لێژنەی بەڕێوبەرایەتی ناوەندی

**ماددەی١٩:** لێژنەی بەڕێوبەرایەتی ناوەندی، بەرزترین پێگەی بەڕێوبەرایەتی جەماعەتە بۆ جێبەجێکردنی پەسەندکراوەکانی شوڕای ناوەندی و لە ئەمینداری گشتی، بەرپرسی لێژنەی بەڕێوبەرایەتی و جێگرەکانی ناوەندی پێك دێت.

**تێبینی١:** ئەندامانی لێژنەی بەڕێوبەرایەتی ناوەندی بە پێشنیاری ئەمینداری گشتی و پەسندکردنی شوڕای ناوەندی هەڵدەبژێردرێن.

**تێبینی٢:** بەرپرسی لێژنەی بەڕێوبەرایەتی ناوەندی لەژێر چاوەدێری ئەمینداری گشتی و بە هەواهەنگی ئەو، کاروباری جەماعەت بەڕێوە دەبات و لە دانیشتنەکانی شوڕای ناوەندی بەبێ مافی دەنگدان بەشداری دەکات.

**ماددەی٢٠:** ئەرك و دەسەڵاتی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی:

١- جێبەجێکردنی پەسندکراوەکانی شوڕای ناوەندی؛

٢- بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی کرداری جەماعەت؛

٣- تاوتوێ و لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی جەماعەت و بەرنامەڕێژیی گونجاو؛

٤- دابینکردنی بەستێنی شیاو بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە دوای پەسندکردنی شوڕای ناوەندی؛

٥- پێشنیاری بودجەی ساڵانە و ڕاپۆرتی کاردکردی ماڵی جەماعەت بۆ پەسندکردنی شوڕای ناوەندی؛

٦- دابینکردن و دارشتنی ئاییننامە و شرۆڤەی ئەرکی جێگران، لق و نووسینگەکان؛

٧- لێپرسینەوە لە چالاکییەکانی جێگران و لقەکان.

# لێژنەی چاوەدێری

**ماددەی٢١:** لێژنەی چاوەدێری، پایەی چاوەدێری جەماعەتە کە بەرپرسی ئەو لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت. بەرپرس ٤ کەس لە ٤ ناوچەکان بە شورای ناوەندی پێشنیار دەدا.

**ماددەی٢٢:** ئەرک و دەسەڵاتی لێژنەی چاوەدێری:

١- چاوەدێری بە سەر بەڕێوەچوونی دروستي ناوەڕۆکی مەرامنامە و ئەساسنامەی جەماعەت و کارکردی شۆڕای ناوەندی و لێژنەی بەڕێوبەرایەتی؛

٢- ئاراستەکردنی ڕاپورت بە کۆنگرە؛

٣- پەیجوری و لێکۆڵینەوە لە سەرپێچییەکانی ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندنی خاڵە گرینگەکان بە لێژنەی دادوەری؛

٤- بەشداری لە دانیشتنە بنەماکانی جەماعەت بەبێ مافی دەنگدان؛

تێبینی: بەشداری بەرپرسی لێژنەی چاوەدێری لە دانیشتنەکانی شورای ناوەندی بەبێ مافی دەنگدان پێویستە.

٥- پێکهێنانی لێژنەی چاوەدێری لە لقەکان؛

٦- ئاراستەکردنی ڕاپورت بە شورا بە ماوەی هەر ٦ مانگ جارێك.

تێبینی١: ئەندامانی لێژنەی چاوەدێری نابێ لە بەشەکانی تری جەماعەت بەرپرسیارەتیان هەبێ.

تێبینی٢: ئاییننامەی لێژنەی چاوەدێری لە لایەن شورای ناوەندی پەسند دەکرێ.

تێبینی٣: لێژنە دەتوانێ لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، دەسترەسی بە تەواوی بەڵگەی پێویستی هەبێ.

تێبینی٤: ئەگەر بەرپرسی لێژنەی چاوەدێری کۆچی دوایی بکات و یا دەست لە کار بکێشێتەوە، شورای ناوەندی یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی چاوەدێری ناوەندی وەك بەرپرسی کاتی لێژنە تا کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە دیاری دەکا.

## پاژی چوارەم: سەرچاوەیماڵیی و داهاتی جەماعەت

**ماددەی٢٣:** سەرچاوەکانی دارایی جەماعەت بریتین لە:

١- مافی ئەندامەتی ئەندامان؛

٢- یارمەتییەکانی نەختی و نانەختینەیی کەسانی هەقیقی و یاسایی؛

٣- داهاتی بەدەستهاتوو لە چالاکییە یاساییەکانی جەماعەت لە چوارچێوەی تەوەری چالاکی، ئامانج و ئەساسنامە.

تێبینی١: تەواوی بەڵگەکانی دارایی و گەڵا نەرخدارەکان بە واژووی ئەمینداری گشتی و جێگری پێوەندیدار و مۆری جەماعەت جێ‌متمانەیە.

تێبینی٢: هەرجۆرە کەڵکوەرگرتنی جەماعەت لە سەرچاوە و کەرەسەی حکوومەتیی دەزگاکانی بەڕێوبەرایەتی تەوەری ماددەی ٥ی یاسای بەڕێوبەرایەتی خزمەتگوزارییەکانی وڵات قەدەغەیە.

**ماددەی٢٤:** تەواوی داهات، سەرچاوە، بژێو و خەرجییەکانی جەماعەت لە تێنووسی یاساییدا تۆمار دەکرێن و شرۆڤە و دوابەراوردی ئەو لە کۆتایی هەر ساڵێکی ماڵی بۆ پێداچوونەوە دەخرێتە بەردەست لیژنەی ماددەی ١٠ی لایەنەکان.

تێبینی١: ساڵی ماڵی جەماعەت بەپێی ساڵی کۆچی هەتاوییە.

تێبینی٢: تەواوی داهات و پوڵی جەماعەت لە حیساوێکی تایبەت بە ناوی جەماعەت لە بانکەکانی فەرمی وڵات پارێزگاری لێ دەکرێ.

## پاژی پێنجەم: هەڵوەشانەوە

**ماددەی٢٥:** جەماعەت بۆ کاتێکی دیارینەکراو پێك هاتووە؛ بەڵام بە پێشنیاری سێ لە چواری ئەندامانی کۆنگرەی تایبەت و دوای پەسندکردنی لیژنەی ماددەی ١٠ی لایەنەکان، جەماعەت هەڵدەوەشێتەوە.

**تێبینی:** لە دۆخی هەڵوەشانەوەی جەماعەت، لیژنەی یەکلاکردنەوە پێکهاتوو لە ٥ کەس لە ئەندامانی کۆنگرە و بە دەنگی نهێنی نیوە کۆی یەکی ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن؛ دوای دانەوەی قەرز و وام و وەرگرتنەوەی قەرزەکانی جەماعەت، تەواوی داراییەکانی ڕاگوێزراو و مردەماڵیی جەماعەت، بە ڕەچاوگرتنی مافی حکوومەت، ژێر چاوەدێری دادگای شوێنی جێگربوونی نووسینگەی ناوەندی جەماعەت، بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی وڵات و نوێنەری دادستانی ناوچە، بە ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی هاوچەشن و بنکە خێرخوازییەکانی هاوبیر، دەبەخشەرێت.

**تێبینی٢:** هەر جۆرە چالاکییەك بەنێوی جەماعەت دوای هەڵوەشانەوەی قەدەغەیە.

**ماددەی٢٦:** چالاکی جەماعەت لەو خاڵانەی خوارەوە کۆتایی پێ دێت:

١- هەڵوەشانەوە بەپێی ئەساسنامە و دوای ڕاگەیاندن بە وەزارەتی وڵات؛

٢- حوکمی مسۆگەری دادگا لەسەر هەڵوەشانەوەی.

## پاژی شەشەم: مادده لاوەکییەکان

**ماددەی٢٧:** ئەو کارانەی کە لە مەرامنامە و ئەساسنامەدا پێشبینی کراوە و پێویستی بە ئیجازەنامە لە سەرچاوە یاساییەکانی پێوەندیدارەوە هەیە، دوای بەدەستهێنانی ئیجازەنامەی پێوەندیدار دەتوانێ دەست بەکار بکا.

**ماددەی٢٨:** ئەو ئەساسنامەیە لە شەش پاژ و ٢٨ مادده و ٣٥ تێبینیدا لە بەرواری ١٣٩٨/٠٨/١٦ لە کۆنگرەی پێنجەمی جەماعەت پەسند کراوە.